

# کارەکتەر

هۆنراوەی: تەسلیمە نەسرین*
وەکێڕانی لە ئینکلیزییەوە: عەزیز رەئووف

تۆ کچێکی
پێویستە فەرامۆش نەکرێی
کاتێك پێت نایە بەر دەرگەیماڵەکەتان
پیاوان بە گومانەوە تێت دەڕوانن
کاتێك کە تۆ لەسەر ڕێگە پیاسە دەکەیت
پیاوان دوات دەکەون و فیکەت بۆ لێدەدەن
کاتێك تۆ ڕێچکەکە تێدەپەڕێنیت و پێدەنێیتە ڕێگە سەرەکییەکە
پیاوان ڕسوات دەکەن و بانگت دەکەن تۆ کچێکی بەرەڵای

*   *   *

ئەی کچ
گەر تۆ کارەکتەرێکی و نەبویتە بە خۆت
تکایە بگەڕێوە و خۆتبە
گەر خۆتی
بەردەوامبە لەسەر ڕۆیشتن
ئیستا تۆ پێویستت بە ڕۆیشتنە

.............................................

*تەسلیمە نەسرین نوسەرێکی فێمینیستی ناوداری نێونەتەوەیی بەنگەلادیشە. ئەو لە ساڵی 1994ەوە لە مەنفا دەژی.نەسرین یەکێکە لە نوسەرە موسوڵمانە جیهانییەکان کە بە دەنگێکی تەواو یاخی دنیای ئەدەب دەناسرێت. "شورەیی" ناونیشانی کتێبێکی نەسرینە، کە یادەوەری گێڕانەوەیەکە سەبارەت بە گەورەبوونی مێینە لە وڵاتی موسوڵماندا.